# چی دەربارەی سەدرەدین گووتراوە؟

١- لە ئێوارە كۆڕێكدا، كۆمەڵێك نووسەر و ڕووناكبیر ، كۆكبوون لەسەر ئەوەی كە پێویستە پەرتووكی: هونەری یادەوەریی تۆماركردن ، كە بابەتێكی جۆریی نایابە، وەربگێڕدرێتە سەر زمانی عەرەبی.

٢- **د. ئازاد عوبێد**: كە بەرهەمەكانی سەدرەدین دەخوێنیتەوە، وادەزانی زێڕینگرێكی دێرین نەخشەی بابەتەكەی كێشاوە.

٣- **كەریم شارەزا**: شیعرەكانی سەدرەدین گەلێك لەو شیعرانە بەرزترە كە نان و شیعر دەخۆن.

٤- **حەمەكەریم هەورامی**: لەهەر كۆڕێك باسی ڕۆمان بكرێ پێویستە ناوی سەدرەدین لەگەڵ ڕۆماننووسە جیهانییەكان بێت.

٥- **مەحموود زامدار**: بەشانازییەوە باسی بەرهەمەكانی سەدرەدین دەكرێ بەتایبەتی لە بواری داڕشتندا.

٧- **عەزیز گەردی**: كاتێ بەرهەمەكەی سەدرەدین دەخوێنیتەوە، وادەزانی ڕەوسەی گەنمی قەندەهارییە یان وادەزانی خەرمانی ڕەشكۆڵە خراوەتە سەریەكتری.

٨- **قاسم مەرزانی**، مامۆستا لە كۆلێژی كشتوكاڵی زانكۆی سەلاحەدین: لەبەر پڕبەهایی پەرتووكەكانی، زۆرێك لە مامۆستاكانی كۆلێژی كشتوكاڵ پەرتووكەكانی كاك سەدرەدین وەك سەرچاوەیەكی هەمیشە بەردەست بەكاردەهێنن.

سەدرددین خەڵكی خاوێن و بەتوانا و دڵسۆز و خۆبەخشی لەخۆی كۆدەكردنەوە بەر لەوەی كارمەندێك لەخۆی نزیك بكاتەوە، ناخی وردبین و رەفتارە كرداریش دوور بەدوور بە دووربین دەپشكنی، هەر زانیاریەكی بەكەڵك و نوێ بەدەست بكەوتایە، دەیبەخشییە دەوروبەری خۆی.

٩- **شكور مستەفا**:- بڕوا ناكەم كەسێك هەبێ هێندەی (سەدرەدین) وشەی رەسەنی كوردی تۆمار نەكراوەی لە لابێ و خەمخۆرشیان بێ، كە خوێنەر بەرهەمەكانی

(سەدرەدین) دەبینێ لە بوارەكانی زۆری و جۆری فرە بەهرەیی خەمخۆری لە لابێ. كەخوێنەر بەرهەمەكانی دەخوێنێتەوە یەكسەر بەرهەمەكانی هەژار موكریانی و ئیبراهیم ئەحمەد و مەلا عەبدولكریم مدرس و عەزیز گەردی دێتەوە بەرچاو، جێگای شیاوی (سەدرەدین) ئەكادیمیای كوردییە كەچی ئەكادیمیا بوودیتە دابەسگەی (دختۆر و مختۆری) نەخوێندەوار.

بەبۆنەی چاپكردنی (هونەری یادەوەری تۆماركردن) و رۆمانی (ئاوەژۆ) خوا لێی خۆشبێت حەمەی مەلا عەبدولكەریم و كەریم شێخانی لە ماڵی كەریم شێخانی بە تەلەفۆن دەستخۆشی و پیرۆزباییان لێكردم.

١٠- **عەزیزی مەلای رەش**: سەدرەدین نورسەررێكی بوێرە، دەسەڵاتی بەسەر كوردی لەمنیش زیاتر دەسەڵاتی بەسەر كوردی رەسەن دادەشكێ، چونكە شارەزای شێوەزاری دەشتی هولێرم ئەو شارەزاری شێوەزاری دەشتی هەولێر و خۆشناوەتی و سورچیایەتی و سۆران و بالەكایەتییە.

١١- **وشيار عەبداللە:**- نووسینەکانی سەدرەدین وەك لێکۆلینەوە لە چاپەمەنیەکانی مندالأن و توژینەوە لە پەندی پێشیانی کورد (بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی) هونەری رۆماننووسی هەریەك لەوانە نامەی دکتۆرایەکن.

١٢- **محەمەد کەریم نانەوا:**- لە گفتۆکۆ کردن لەگەڵ سەدرەدین وا پیاو سوودمەند دەبێ، شارەزایەکی چاکی هونەری رۆماننووسینە چەندجار پرسم پێ کردووە، لە بەخشنی رۆشنبری بابەتەکانی تێدا سەرکەوتووە بەکەڵکە.

١٣- **ئەحمەد سەردار** برای ئەحمەد سالاری هونەرمەند، کە تەمەنێك مامۆستای ئامادەی کشتوکاڵی بەکرەجۆ بوو، ماوەیەکیش هاتە هەولێر، بەلأم دوایی گەرایەوە سلێمانی بە بۆنەی کردنەوی پێشانگای سالأنەی فرۆشتنی هەنگوین، کە زۆرینەی هەنگەوانانی عێراقی تیا بەشدار بوو لە دوای گوتەی بەرێز وەزیری کشتوکاڵ ئەحمەد سەردار هاتە گۆ و گووتی ئەگەر کەسێك لەبواری کشتوکاڵ لە کوردستان هەبێت شایەنی پەیکەر بۆ کردن بێ، بێگومان ئەو کەسە مامۆستا سەدرەدینە، بەلأم ئێمەی کوردفێر نەبووینە رێزی زانایان و دلسۆزانی ولأت بەزیندووایی بگرین لەدوای مردن ئەوسا بەشان وملیدا هەڵدەڵین.

١٤- نجمەددین برای مامۆستا: بە سەدرەدینم وت هەست ناکەی ئەتوو زوو هەڵدەچی، ئەویش گوتی کە تووش دەبم چ گۆلەوساری هۆشم بەرنادەم.

کەسانێك هەن منجرِن بە ناورانەوە نان پەیدا دەکەن، ئەوانە پێویستیان بە چاوسۆرکردنەوە هەیە.

لەبارەی گەندەلی و بەرتیلەوە گووتی ئەوەی هێلکەی حەرام بخوا و هەنگوینی کلۆرەدار بخوا ( پەلخە سەتگۆ و بەرخ بەران و مێنگوینی بەرکەڵ وەك حەزیا لرف دەکا.

١٥- سامان سابیر: مامۆستا سەدرەدین بە شەکەتی و شەونخونی دەحەسایەوەو کەسانی دەوربەری خۆی زۆر ماندوو دەکردن، تێی دەگەیاندن ئەو ئەمنی راکێشایە ناو دونیای خوێندنەوە و نووسین.

مامۆستا پێش بینی زۆر شتی دەکرد، سەرناس و دوورناسێکی بەتوانا بوو.

نمونە لەلای دانیشت بووم کە فەرمانبەرێکی فەرمانگەکە لەمێژ نەبوو دامەزرا بوو، هاتە لای مامۆستا پێی گووت: کاکە هیوا ئەوە سێیەمین جارە پێت دەڵێم ئەتوو خەڵکی گوندی قەشقەی، ئەتۆش دەڵیی قەشقەیی نیم، ئەدی ئەتوو خەڵکی کێندەری.

هیوا ئەمن خەڵکی گوندی سارتکم.

مامۆستا: ناو محەمەدێك هەبوو خەڵکی قەشقەبوو سیو پێنج ساڵ لەمەوبەر فەرمانبەری فەرمانگەی گەیاندن و هاتووچۆ بوو.

هیوا .. ووتی خاڵمە سیوپێنج ساڵ داکم مێردی نەکردبوو